**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ٥١١٣ لە ٢٠١٧/١١/٢٦**

## بڕیاری
## ژمارە (١٢٠)ی ساڵی ٢٠١٧

**پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی ئەحکامی ماددەی دووەم لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، و یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠٠٧، و لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتی و پاراستنی هاووڵاتییان لەو مەترسییانەی کە لە ئەنجامی جگەرەکێشاندا تووشیان دەبێت و پاکڕاگرتنی ژینگە، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی تەندروستی لە کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢١) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١/١٢، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٥) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١١/٢٠، بڕیاردرا بە:**

**١- وەرگرتنی (ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی) لەسەر ئەو کاڵایانەی کە لە خشتەی ژمارە (١)ی هاوپێچی ئەم بڕیارەدا ئاماژەیان پێدراوە و زیانبەخشن بە تەندروستی مرۆڤ، ئەوانەی لە ناوخۆدا بەرهەمدەهێنرێن و ئەوانەشی کە هاوردە دەکرێن.**

**٢- وەرگرتنی (ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی) بە ڕێژەی (٥٪) لە سەدا پێنج دەبێت لەسەر گشت بابەتەکانی توتن و جگەرە و بەرهەمە لێوەرگیراوەکانیان (المشتقات) کە لە خشتەی ژمارە (١)ی هاوپێچی ئەم بڕیارەدا هاتوون، و ئەو کاڵایانە لە کاتی هاوردەکردنیاندا بەگوێرەی پۆلێنی هاتوو لە پێناسەی گومرگی و ڕێنماییە گومرگییە بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان مامەڵە دەکرێن، بەم شێوەیەی لە خشتەی ژمارە (١)ی هاوپێچی ئەم بڕیارەدا هاتووە.**

**٣- لە کاتی هاوردەکردنی ئەو بابەت و کاڵایانەی لەم بڕیارەدا ئاماژەیان پێدراوە، (ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی) وەردەگیرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گومرگ، و نرخی بابەت و کاڵاکانیش لە کاتی هاوردەکردنیاندا دەبێتە بناغەی وەرگرتنی (ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی).**

**٤- ( ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی ) شیاو دەبێت لە کاتی تۆمارکردنی وەك کاڵایەکی بەکاربردن، واتە لەگەڵ شایستەبوونی ڕسووماتی گومرگی، و (ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی) دەچێتە ژێر باری هەموو یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییە گومرگییەکانەوە کاریان پێ دەکرێت.**

**٥- وەرگرتنی (ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی) لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی گومرگییەوە دەبێت و داهاتەکەی لە ژمێرەی گەنجینەدا دادەنرێت.**

٦- تۆمارکردنی داهاتەکانی بەدەستهاتوو لە (ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی) لە بڕگەیەکی سەربەخۆ بە ناوی (داهاتەکانی ڕەسمی هاوردەکردن) دەبێت و تەواوی ئەم داهاتە خەرج دەکرێت بۆ مەبەستەکانی بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان و نێرگەلە لە پێناوی پاراستنی تەندروستیی هاووڵاتییان.

٧- لە کاتی هەبوونی بەرهەمی ناوخۆیی، بۆ مەبەستەکانی ئەم بڕیارە (ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی) لەسەر نرخی فرۆشتنی کاڵاکە لەسەر بەرهەمهێنەر و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی گومرگییەوە وەردەگیرێت.

٨- وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی ڕێنمایی پێویست بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆژی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە و ئاسانکاری جێبەجێکردنی دەردەکات.

٩- وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

١٠-ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان )دا جێبەجێ دەکرێت.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**خشتەی ژمارە (١)**

**ئەو بابەت و کاڵایانەی کە (ڕەسمی بەکارهێنانی ناوخۆیی) دەیانگرێتەوە**
**بە گوێرەی پێناسەی گومرگی**

| ز | کاڵا | بەش | ناونیشانی گومرگی | یەکە | ڕێژەی (ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی) (%) |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | جگەرە | ١٥ | ١ | کارتۆن | %٥ |
| ٢ | جگەرەی بیانی | ١٥ | ١ | کارتۆن | %٥ |
| ٣ | جگەرەی لەف (Rolling paper) | ١٥ | ٨ | کگم | %٥ |
| ٤ | تووتنی بۆنداری نێرگەلە | ١٥ | ١٥ | کگم | %٥ |
| ٥ | تووتنی نێرگەلە | ١٥ | ١٥ | کگم | %٥ |
| ٦ | تووتنی پایپ | ١٥ | ١٥ | کگم | %٥ |
| ٧ | تووتنی چاککراوە | ١٥ | ١٥ | کگم | %٥ |
| ٨ | بەرهەمەکانی تری تووتن | ١٥ | ٢٢ | کگم | %٥ |
| ٩ | چرووت (Cigar) | ١٥ | ٢٦ | کگم | %٥ |
| ١٠ | جگەرەی ئەلکترۆنی | ١٥ | ٢٨ | سێت | %٥ |
| ١١ | تووتنی خاوی چانەککراوە | ١٧ | ١٦ | کگم | %٥ |